# جەبر و ئیختیار

## مەسەلەیەکی عەقیدەتییە و پێویستی بە لێحاڵی بوون هەیە

**حەسەن پێنجوێنی**

چاپی یەکەم 2002ز – 1423 ک

www.penjweny.org

بسم الله الرحمن الرحيم

( إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ) سورة الدهر/ 3.

ئایا لەژیانی خۆتا کەوتویتە ناو گێژاوی خەیاڵەوە؟ و ئایا شتێکت بۆپێش هاتووە بیرت لێ کردبێتەوە و لێی ورد بووبیتەوە؟ ئایا کاتێ کۆمەڵە شتێ روویان دابێ، یا چەند شتێکت بۆ پێشهاتبێ، بیرت لەهەڵبژاردنی یەکێکیان کردۆتەوە؟ دوو جۆر بیرو باوەڕ ، دوو جۆرە هاوەڵ، چەند کارێک؟ چەندجۆری نووسین، چەندجۆری خوێندنەوە، هاوسەر پەیدا کردن..تاد، ئایا لەهەڵبژاردنیاندا ورد بوویتەوە؟ و بیرت لەپەسەند کردنی یەکێ یا جۆرێکیان کردۆتەوە؟

ناوی کتێب: جەبر و ئیختیار.
نووسەر: حەسەن پێنجوینی.
تیراژ: 3000.
ساڵ: 1423 کۆچی - 2002 زاینی.
چاپخانە: رۆژهەڵات.
بڵاوکردنەوە: ناوەندی رۆشنبیر.

## جەبر و ئیختیار:

جەبر، واتە: سەپاو، کە دەگوترێ: فلان کەس مەجبورە، واتە سەپێنراوە بە سەریا، و خۆی هیچ ئارەزوویەکی لە هەڵبژاردنی ئەو شتەدا نەبووە، و بەزۆر پێی کراوە.
ئیختیار وشەیەکی عەرەبییەو لەبەرامبەر وشەی جەبرەوە بەکار دەهێنرێ. ئەگەر لەقاموسدا تەماشای واتای ئیختیار بکەین هەڵبژاردن دەگەیەنێ، کە گوترا: فلان کەس ئیختیاری هەیە، واتە: ئارەزووی هەیە، خاوەنی ویستی خۆیەتی، و دەتوانێ شت هەڵبژێرێ، جا هەڵبژاردنی خێربێ لەشەڕ، یا چاک لەخراپ، یا جوان لە ناشیرین..تاد.
کەوا بوو بەکارهێنانەکەی لەزاراوەی(عەقیدە)دا پەیوەندییەکی پتەوی بەواتای زمانەوانییەوە هەیە. چونکە کاتێ گوترا: فلانە کەس ئیختیاری هەیە، واتە: بەئارەزووی خۆی توانای هەڵبژاردنی هەیە و زۆرەملێی لەسەر نیە، یا بەزۆر نەسەپێنراوە بەسەریا .

## ئایا ئێمەی ئادەمیزاد ئیختیارمان هەیە؟

ئەم پرسیارە کێشەیەکی زۆر و فراوانی لەسەرە، زانایانێکی گەورە و پایە بەرز لەوەڵامەکەیدا هەڵەی زلزلیان کردووە، جا بۆ ئەوەی ئێمەش نەکەوینە ناو هەڵەوە لەهەمان کاتدا ئەنجامێکی پەسەندو دروست بەدەست بێنین، دەبێ پێشەکییەک بۆ ئەو وەڵامە بسازێنین .

## پێشەکی:

هەرکام لە بیرکاری و زانیارییە سروشتییەکان بگری بەهۆی کۆمەڵێ ئەزموون و تاقیکارییەوە بەدیهاتون، و بەدەست دێن.. بەجۆرێ ئەگەر ئەو تاقیکارییانە نەبن گومان و دوو دڵی لەبارەی راستی و دروستیانەوە پەیدا دەبێ، ئایا وان، یا وا نین؟
بەڵام لە قەوارەی ئادەمیزادا شتانێک هەن، کە مرۆڤ لەبارەی راستی و دروستیانەوە پێویستی بەهیچ تاقیکاری و ئەزموونێک نییە و راستەوخۆ لەدەروونیخۆیا هەستیان پێ دەکات.. ئەم شتانەش لەزاراوەی فەلسەفەدا بە ویژدان ناو دەبرێن، مەبەست لەویژدان: عیلمی حزوورییە. واتە: بوونی کۆمەڵێ شتی زانراوی دوور لەگومان و دوودڵی. وەک: هەستکردن بە ترس، خۆشی، بیرکردنەوە، وردبوونەوە، پەشیمان بوونەوە، خۆ

سەرزەنشتکردن تەریق بوونەوە، زوڵم و ناڕەوایی، مژدەدان، ترساندن، خەمباری ، زویری و چاوەڕوان بوونی چاکە...تاد

## هەست بە ترس و خۆشی:

ئایا کاتێ تۆ هەست بە ترس یا خۆشی یا ئازادی دەکەیت، پێویستت بە کۆمەڵێ بەڵگەو دەلیل و ئەزموون و تاقیکاری هەیە..؟ تا بزانی ئەوەیان ترسەو ئەوەشیان خۆشحاڵی؟
بیگومان نە. چونکە کاتێ هەواڵێکی زۆرخۆش دەبیستیت، یا خێرێکی گەورەت دەست دەکەوێت لە دەریایەک خۆشی و شادیا نقووم دەبیت، و پچوکترین گومانێکت لەبوونی خۆشحاڵیدا نییە، و بە تەواوی قەوارەی خۆت هەستی پێ دەکەیت..
ئەگەر کەسێ ئالەو حاڵەدا لێی پرسیت: شادی وخۆشحاڵیت بەچ بەڵگەیەک دەسەلمێنی؟ چ وەڵامێکی دەدەیتەوە؟ ئایا بۆ ئەوەی حاڵی بێت کە تۆ شاد و دڵخۆشیت پێویستت بە هیچ بەڵگەو دەلیلێک هەیە؟ بێگومان نە..
کەوابوو ئەم شتانە لە بیرکاری و زانیارییە سروشتییەکان یەقینی ترن، چونکە ئەوان پێویستیان بەبەڵگەو ئەزموون هەیە، بەڵام ویژدانییەکان پێویستیان پێی نیە.. ئێستا بۆ ئەوەی وەڵامەکە بدەینەوە و بگەینە ئەنجام با پێکەوە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەینەوە:

## گێژاوی خەیاڵ :

ئایا لەژیانی خۆتا کەوتویتە ناو گێژاوی خەیاڵەوە؟ و ئایا شتێکت بۆپێش هاتووە بیرت لێ کردبێتەوە و لێی ورد بووبیتەوە؟ ئایا کاتێ کۆمەڵە شتێ روویان دابێ، یا چەند شتێکت بۆ پێشهاتبێ، بیرت لەهەڵبژاردنی یەکێکیان کردۆتەوە؟ دوو جۆر بیرو باوەڕ ، دوو جۆرە هاوەڵ، چەند کارێک؟ چەندجۆری نووسین، چەندجۆری خوێندنەوە، هاوسەر پەیدا کردن..تاد، ئایا لەهەڵبژاردنیاندا ورد بوویتەوە؟ و بیرت لەپەسەند کردنی یەکێ یا جۆرێکیان کردۆتەوە؟
بێگومان بیرت کردۆتەوە و لەهەڵبژاردنیاندا وردەکاریت کردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەرچی؟ ئایا بەڵگە نییە لەسەر ئەوە کەتۆ ئازادی و توانای هەڵبژاردنت لەوانەدا هەیە کە باسکران؟ هەر هۆی ئەوەشە ئەگەر هەندێجار لەهەڵبژاردنەکەدا بەهەڵەدا بچیت دڵگران وخەمبار دەبیت.. بۆیە پێش ئەوەی کارەکە ئەنجام بدەیت هەوڵ دەدەیت بەو جۆرەبێ کەخۆت پێت خۆشە و بەرژەوەندی خۆتی تێدایە..

**پەشیمان بوونەوە:**

ئایا کارێکت کردووە لێی پەشیمان بیت؟ ئایا ئەو پەشیمانییە بەڵگەیە لەسەر چی؟ ئایا بەڵگە نییە لەسەر ئەوە کەخۆت بەخاوەنی ویست و مەبەست ئەزانی؟ ئایا نیشانەی ئەوە نییە کە وا دەزانی خۆت توانای هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی چاک لەخراپت هەیە؟ و پەشیمان دەبیتەوەو سەرزەنشتی خۆت دەکەیت کە: بۆچ باشەکەیانم هەڵنەبژارد؟ بۆچ لەو رێیەوە نەڕۆیشتم و ئەمەیانم گرتە بەر؟ ئەگەر خۆت وا بهاتبایە پێشچاو کە (بەردی بن گۆمی)ت و لەهەڵ بژاردندا هیچ تواناو دەسەلاتێکت نییە، ئایا سەر زەنشتی خۆتت دەکرد؟
تەریق بوونەوە:

ئایا تەریق بوونەوەت بەخۆتەوە دیوە؟ ئایا وا رووی داوە بە خراپە باسی یەکێکت کردبێ و ئەو کەسەش خۆی حەشاردابێ و لە پڕا بێت بەسەر باسەکەدا؟ ئالەو کاتەدا هەستت بەچی کردووە؟ ئایا رووی داوە کارێکت کردبێ و پێت خۆش نەبووبێ کەس پێت بزانێ، کەچی ماقوڵترین کەس هاتبێ بەسەرتا؟ ئالەویادا حاڵت چۆن بووە؟ یا رووی داوە لەگەڵ یەکێکدا هەراو ناخۆشیت بووبێ و دەنگتان لەیەک داپڕیبێ؟ و پاش ماوەیەک ئەو هاتبێ دەستی کردبێتە گەردنت و ئاشتی کردبیتەوە و گوتبێتی: هەرچەند قسەی زۆریشت پێگوتم: بەڵام دەمەوێ داخ بەدڵی شەیتانا بکەم، چونکە ئەو پێی خۆشە ئێمە دۆست نەبین؟ ئایا لەو کاتەدا لەکاری خۆت تەریق بویتەوە؟

ئایا تەریق بوونەوە بەڵگەیە لەسەرچی؟ ئایا ئەگەر وەک مرۆڤێکی لەئاسن دروستکراو (رۆبۆت)ێک خۆت بهاتبایە پێشچاو کە هیچ ویست ومەبەستێکی نییە، هەستی شەرم وتەریق بوونەوەت دەبوو؟ ئەی ئەم تەریق بوونەوەیە ئەوە ناگەیەنێ کە خۆت بەخاوەنی ویست و ئیرادە دەزانی؟؟
لەوانەیە لەبەرامبەر هەندێ شتەوە کەیف خۆش و شادمان بوویت، وە لەبەرامبەر هەندێکی تریشەوە خەمبار وپەشێو، ئایا رێکەوتوە هاوەڵ، باوک ودایک ، خزم وکەس وکار، کارێکت پێبکەن کەبە دڵی خۆت نەبووبێ و حەزت لە ئەنجامەکەی نەکردبێ؟ ئایا لەدواییدا خەمبارو زویر نەبوویت؟ و نەت گوتووە: بریا ئەو کارەم نەکردایە؟!! ئایا رێکەوتووە پرسیارێکت لێ بکەن و نەیزانیت؟ ئایا پێت ناخۆش نەبووە کەنەت زانیوە؟ ئایا نەتگوتووە: خۆزگا کۆششم بکردایە و رۆژم بەم رۆژە نەگەیشتبا؟ ئایا رێکەوتووە لەکاسبیدا زیانێکی گەورەت لێ کەوتبێ؟ لەپاش ئەو زیانەوە هەستت بەناخۆشی کردووە؟ ئایا نەت گوتووە: خۆزگا ئەو

مامەڵەیەم نەکردبایە؟ ئایا ئەمانە هەموو بەڵگە نین لەسەر ئەوە کە تۆ توانای هەڵبژاردنت هەیە؟

## دڵخۆشی و دڵگرانی:

ئایا ڕێکەوتووە کارێکی باش ئەنجام بدەیت و خەڵکێکی زۆر پەسەندیان کردبێت و بەرێزەوە سەیریان کردبێت، و بەچاکە ناویان بردبێت؟ پاش ئەوە هەستت بەچی کردووە؟ ئایا پڕبەدڵ سوپاسی خوات نەکردوە لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارە؟ ئایا ڕێکەوتووە لە مامەڵەیەکدا قازانجی باشت کردبێ؟ ئەی دوای ئەوە هەموو گیانت لە خۆشیدا پێنەکەنیوە؟!
ئایا ئەمانە هەموو بەڵگەنین لەسەر ئەوە کە تۆ خاوەنی ویست و هەڵبژاردنی؟ دەنا بۆچ بەمیان دڵخۆش وبەویان دڵگران بوویت؟

## زوڵم و بێ دادی :

ئایا لەژیانتا ڕێکەوتووە زوڵم و ناعەدالەتییەک ببینی؟ ئایا دیوتە قوتابیەکی هەژار بەرگی کرێکاری لەبەردابێ و گەچ و تەپو تۆزی کارەکەی لێ نیشتبێ و لەناو قوتابخانەیشدا بەزیرەک ناوبانگی دەر کردبێ؟ دیوتە هاتبێت بۆ نمرەکانی و لەپلەی یەکەمەوە کردبێتیان بە دووەم، لەبەر ئەوەی لەحیزبی دەسەڵاتدارا نەبووە؟ حیزبییەکەیش هەرچەند سێ هەمە بەڵام کراوە بەیەکەم، ئایا ڕێکەوتووە ناڕەوایی وا ببینی یا ببیستی؟ ئەو کاتە هەستت بەچی کردووە؟ ئایا ڕێکەوتووە چەقۆ کەشێک ببینی کە چەقۆی کردبێ بە سکی بێتاوانێکدا؟ ئالەویادا هەستت بەچی کردووە؟

## پاداشت و سزا:

ئایا دیوتە کەسێ چاکەی لەتەک یەکێکی ترا کردبێ و بەڵام لەجیاتی سوپاسگوزاری جنێوی بداتێ؟ ئالەویادا چ هەستێکت هەبووە؟ ڕێکەوتوە ببینی دوو دکتۆر کە لەنەخۆشخانەیەکدا کار دەکەن یەکێکیان زۆر دڵسۆز وخۆ نەویست و تێکۆشەر، ئەوی تریشیان مرقن(متکبر)و تەمبەڵ وبێ موبالات. ئەگەر پاداشت بدرێ بە تەمبەڵەکە و دڵسۆزەکە سزا بدرێ، ئایا تۆ چ هەستێکت دەبێ؟! ئایا هەستکردنت بەوە کە یەکەمیان شیاوی پاداشتە و دووەمیان شیاوی سزا ئەوە ناگەیەنێ خاوەنی هەڵبژاردنی وتوانات هەیە خاس وخراپ لەیەک جیا بکەیتەوە؟! ئایا ئەگەر بەردێک لەو کەژ وکێوەوە تلێر ببێتەوە،

و ماڵێک پرووخێنێ، هیچ سەرزەنشتێکی بەردەکە ئەکەیت؟ ئەی ئەگەر یەکێک قومبەلەیەکی خستە ناو ماڵەکەوەو وێرانی کرد؟.. هەست کردن بە پاداشت و سزا نیشانەی ئەوەیە خاوەنی هەڵبژاردنی و ئیختیارت هەیە..

## چاوەڕوان بوونی چاکە :

ئایا چاوەڕوان دەبی هاوسێکەت باش بێ لەتەکتا؟ بۆچ؟ ئایا چاوەڕوانی دۆستەکەت، برادەرەکەت، وەفاداربێ بۆت؟ بۆچ؟ ئایا مامۆستا قوتابییەکانی هان دەدا بۆ کۆشش کردن و کاری پەسەند؟ بۆچ؟ ئایا باوک و دایک منداڵیان رێنمونی ئەکەن بۆ کردەوەی چاکە؟ بۆچ؟ ئایا وەڵامی ئەمانە ئەوە نییە کە تۆ  هاوسێکەت بە ئادەمیزادێکی خاوەن هەست و ویست(إحساس و إرادە) دەزانیت؟ یا برادەرەکەت؟ یا هاوەڵ و دۆستەکەت؟ دەتەوێ باش بن لەتەکتا و وەفادربن، چونکە دار و بەرد نین و توانای چاکە کردنیان هەیە و دەیان ئاوزێ چی چاکەو چی خراپ، ئایا ئەگەر شێت بوون و هۆشیان نەما و فامیان لەدەست دا تۆ ئەو چاوەڕوانییەی پێشووت لێیان هەیە؟

ئایا مامۆستا و باوک و دایکیش کە ئامۆژگاری و رێنموونی دەکەن، هۆی ئەوە نییە  ئەو منداڵانە بە خاوەنی ئیختیار دەزانن، ئایا ئەو ئامۆژگارییە بۆ شتێدەکەن کەبزانن توانای هەڵبژاردنی نییە؟ ئایا روودەکەنە جوجکەو مامر، یا ترومبێلەکەیان، و ئەو ئامۆژگارییەیان بکەن؟ بێگومان نە..
کەوابوو ئایا یاسای فێرکردن و پەروەردە بەڵگە نییە لەسەر بوونی ئیختیار و هەڵبژاردن؟ !

## مژدەدان و ترساندن:

ئایا پێغەممەران علیهم السلام ئەرکی سەرشانیان چی بووە؟ ئایا خەڵکییان  بۆ باوەڕ بەخوا و یەکتا پەرستی (تەوحید) و کردەوەی چاکە و دوور کەوتنەوە لەخراپە رێنموونی نەکردووە؟ ئایا ئەمە چ دەگەیەنێ؟ ئایا ئەوە ناگەیەنێ کە ئادەمیزاد توانای هەڵبژاردنی هەیە؟ ئایا مژدەیان نەداوە بەوانەی کاری چاکە دەکەن؟ ئایا خەڵکییان لەبارەی سزای دۆزەخەوە ئاگادار و هۆشیار نەکردۆتەوە؟ ئەگەر کاری خراپ بکەن؟ ئایا پێیان نەگوتوون: ئەگەر لەسەر بەرنامەی خوا نەڕۆن دەچنە دۆزەخ؟ جا ئەگەر مرۆڤ ئیختیاری نەبێ و بەزۆر کاری پێ بکرێ و مەجبوور بێت، ئیتر مژدەدان و ترساندن، چ سوودێکیان دەبێت؟!

## ژیانی رۆژانەمان:

وابزانم تۆیش پێت وایە و گەیشتوویتە ئەو قەناعەتە کە ئەم نموونانە باشترین بەڵگەبوون بۆ سەلماندنی ئەو حەقیقەتە، کە: ئێمەی ئادەمیزاد لە ژیانی رۆژانەماندا هەست دەکەین لە زۆرشتدا ئیختیاری تەواومان هەیە، هەروەک هەست بەناتوانی و بێ دەسەڵاتی خۆمان لە هەندێ شتیتردا دەکەین.

بۆنموونە: ئەوکەسەی نەخۆشی لەرزۆکی هەیە و قەڵەم بە دەستیەوە دەگرێو دەیەوێ شتێ بنووسێ کاتێ دەیەوەێ قەڵەمەکە بەرەو رۆژهەڵات ببات بەرەو رۆژ ئاوا دەچێ، ئەگەر بۆ خواری ببات بەرەو ژوور دەچێ، و بەپێچەوانەشەوە، بێ ئەوەی حەزی پێ بکات، چەندان جار لەسەر کاغەزەکە دێت و دەچێت، ئایا هەست بەوە ناکەیت کەلەو حاڵەتەدا بێ ئیختیارە؟ ئەی بەرامبەر ئەو شاگرد کەبابچییەیەی کە لەکاتی کارەبا کوژاندنەوەدا باوەشێنی وەجاخەکە دەکات ئایا هەمان هەستت هەیە؟

بێگومان ئێمە ئەم دووجم وجووڵە لێک جیا دەکەینەوە و بەتەواوی حاڵین کە یەکەمیان لەو حاڵەیدا هیچ ئیختیارێکی نییە و دووەمیان تەواوی ئیختیاری لەو کارەیدا هەیە..

خوایش دەفەرموێ: ئێمە هیدایەت و رێنمونیمان خستۆتە بەردەم ئادەمیزاد، ئەویش یاسوپاس گوزار دەبێت یانمەک نەناس و ناشکور(إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا)(سورة الدهر/ 3. ).. بێگومان سوپاسگوزاری نیعمەتی هیدایەت بەوە دەبێت سوودی لێ وەربگرێ، ناشکوری و نمەک نەناسیش بەوە دەبیت: پشتی تێبکات و نەیەوێ.. ئەم دوو حاڵەتەیش پەیوەندیان بە ویست وئیختیاری ئادەمیزادەوە هەیە..

کەوابوو لەروانگەی ئاینی ئیسلامەوە ئادەمیزاد خاوەنی هەڵبژاردنە، و خاوەنی ویست و مەبەستە، و ئەگەر ئیرادە و ئیختیاری نەما هیچ جۆرە تەکلیفێکی شەرعیشی لەسەر نامێنێ..

# # #

**چارەنووس:**

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن: ئێمە وا سەڵماندمان کە: خاوەنی هەڵبژاردن و ویستین، ئێوەش دەڵێن: هەموو شتێک لەم بوونەوەرەدا هەر لەبچووکترین گەردیلەوە تا گەورەترین شت هەمووی بە قەدەری خوایە، کەوابوو کەی مرۆڤ خاوەنی ویست و هەڵبژاردنە؟ و چۆن ئەتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات؟

لەوەڵامدا ئەڵێین: بەڵێ، هەمووی بەقەدەری خوایە و مرۆڤیش خاوەنی ویست و هەڵبژاردنە و دەتوانێ خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات..

چونکە قەدەری خوا رێی لەئازادی مرۆڤ نەگرتووە، بەڵکو قەدەری خوایی ئەوەی بۆ دەنووسێت کەخۆی دەیەوێ و هەڵی دەبژێرێ. ئەوەش کە توانای مرۆڤی تیانەبێ بەر پرسی لەسەر نییە، وەک پێناسەی قەدەرمان کرد، قەدەر بریتییە لە: ئەندازەگیری، و لەبەرچاو گرتن، و دیاری کردن، دیاری کردنی هەموو شتێ بەپێی زانیاریو ئاگاداری خوا .

## ئایا زانین و ئاگاداربوون زۆر لێکردن دەگەیەنێ؟

خوا زانیارییەکی بێسنووری هەیە و هەرچی لەمەو بەر بووبێ و لەئێستادا هەبێ و لەمەولا رووبدات لایئەو زانراوە، و ئەو کردەوانەی کە ئادەمیزاد بەویستی خۆی و هەڵبژاردنی خۆی و بەتەواوی ئازادییەوە ئەنجامیان دەدات، و ئەوەش کە بەزۆر پێی دەکرێ، وەک زیندانی کردن و پارە لێ سەندن،..تاد، لایخوا زانراو و روون و ئاشکرایە، و لەسەر ئەوزانینەوە نووسیویەتی.

## سیفەتی زانیاری چییە؟

دەبێ ئەوەمان لەبیرنەچێ زانین کاتێ پێی دەگوترێ زانین کە یەد لە یەد بێ، و لەگەڵ واقیعدا کتومت یەک بێ و هیچ گومان و دوودڵی تیانەبێت. شتێکی ئاشکرایە زانینی شت سەپاندنی ناگەیەنێ. لەرۆژی ئەزەلدا خوا زانیویەتی کە فڵانە کەس پاش چەند ملیار ساڵێک (مەبەست لەوژمارەیە نزیک کردنەوەیە لە هۆش و تێگەیشتنیی خوێنەر، دەنا ئەزەل سەرتای بۆ نییەو ئەوژمارەیە لەچاویا وەک چرکەیەک وایە. ) دێتە دنیاوە و بەتەواوی ئازادییەوە و بەویستی خۆی رێی راست هەڵدەبژێرێ و کردەوەی چاکە ئەنجام دەدات، خوا لەسەر ئەم زانینەی خۆیەوە لە لەوحول مەحفوزدا بۆی نووسیوە، وەهەروەها ئەوکەسەش کەبە ویست وئارەزووی خۆی و بەتەواوی ئازادییەوە رێی سەرگەردانی هەڵدەبژێرێ و

دەیگرێتەبەر و هەرکردەوەیەک خوا پێی ناخۆش بێ ئەنجامی دەدات، خوا هەمان ویستیش بۆ ئەو دەنووسێ. ئینجا کاتێ ئەو ئینسانە دێتە ناومەیدانی بوونەوە هێشتا لەسکی دایکیایەتی تۆمارێکی تایبەتی بۆدروست دەکرێ و هەرچی پەیوەندی بەبوونی ئەوەوە هەبووبێ لە لەوحول مەحفوزەوە کۆپی دەکرێو دەخرێتە ئەو تۆمارە تایبەتییەی خۆیەوە.
هەندێ کەس لەواتای قەدەرەوە سەپاندن حاڵی دەبن، بەڵام وانییە، قەدەر بریتییە لەنووسینی ئەو شتانەی لەبوونەوەردا بەپێی زانیاری خوا روودەدەن، ئەوشتانەی ویستی مرۆڤی تیایە، وەک هەموو کردەوەیەکی ئادەمیزاد کە بەرپرسیاری و پاداشتی لەسەر بێ، یا ئەو شتانەی بەرپرسیاری لەسەر نەبێ. وە گوتمان: زانینی شت واتای بەسەرا سەپاندن ناگەیەنێ، بۆنموونە:
مامۆستایەک کۆمەڵێ قوتابی هەیە، لەدەرسی رۆژانەدا هەموویانی ناسیوە، لەتاقیکردنەوەی مانگی یەکەم و دووەمدا بەتەواوی دڵنیایی پەیدا دەکات و دەزانێ کامیان پلەی باش و نمرەی چاک دێنێ و کامیان مام ناوەندییە و کامیشیان دەرناچێ.. لەسەر ئەم زانیارییەی خۆیەوە لای خۆی تۆماری دەکات کەئەو دەکەسەیان پلەی باش دێنن و ئەوانی تر ناونجی دەبن، و بەڵام ئەو دوانەکەی تر دەکەون. سەری ساڵ دێت، و تاقیکردنەوە دەست پێدەکات و لەئەنجامدا قوتابییەکان بەو جۆرە دەبن کە لە دەفتەرەکەی مامۆستادا و بەپێی زانیارییەکەی ئەو تۆمارکرابوو!!

ئایا دروستە بگوترێ: بەهۆی زانیارییەکەی مامۆستاوە ئەو قوتابیانە کەوتن، ئەگەر ئەو ئەوەی نەنووسیبایە ئەوان نە دەکەوتن؟ حەتمەن تۆیش لەوەڵاما دەڵێیت قسەی وا راست نییە، چونکە ئەوەی حەزی لەدەرچوون بووبێ هەوڵی بۆ داوە و کۆششی باشی بۆ کردووە، ئەو دەفتەرانەی وەڵامیان تیا دراوەتەوە سەریان لۆک کراوە و ناوەکان شاراونەتەوە، و لەشارێکی تر وچەند مامۆستایەکی تر تەماشایان کردوون و نمرەیان لەسەر داناون. ئیتر چ ژیر بێژییەک رێ دەدات بگوترێ: نوسینەکەی مامۆستا بووە هۆی دەرچوونی زیرەکەکان و کەوتنی تەمبەڵەکان؟

## بۆمبێک و کۆشکی رەش:

بۆ ئەوەی بەتەواوی دڵت ئاو بخواتەوە با نموونەیەکی ترت بۆ بێنمەوە: پاسەوانەکانی کۆشکی رەش لەکاتی گەڕانیانا شتێک دەبینن لەپەنای دیواری ژووری ئاڵا بەدەستەوە دانراوە، لێی دەکەونە گومانەوە، و گورج هەواڵ بە کاربەدەستانی باڵا دەدەن، ئەوانیش

دەنێرن بەشوێن دەستەی پسپۆڕ لەتەقەمەنیدا، کاتێ دێنەسەری دەبینن ئەمە بۆمبێکی کاتییە، و زۆر بەکارامەیی دانراوە، و لەدڕکی ئاڵۆزەوە پێچراوە، و بەئاسانی ناکرێتەوە تا کارکردەکەی پووچەڵ بکرێتەوە، لەبەر ئەوە پێیان دەڵێن: ئەم بۆمبایە پاش سێ دەقیقەی تر دەقێتەوە، و ئەم ناوە وێران دەکات، لەبەر ئەوە پیویستە بەزوترین کات ئەم ناوە کەسی تیانەمێنێ، و چۆڵ بکرێ بۆ ئەوەی زیان لەکەس نەکەوێ.

پسپۆڕەکە بەئاگادارییەوە و لەسەر زانینەوە قسەکەی کردبوو، لەبەر ئەوە کتومت قسەکەی هاتەدی، و پاش سێ دەقیقەکە بۆمبەکە تەقییەوە و لایەکی کۆشکەکەی وێرانکرد. ئایا کاربە دەستانی کۆشکی ڕەش بۆیان هەیە پسپۆڕەکە بکەنە بەرپرس و بڵێن: مادام تۆ زانیوتە ئەو بۆمبایە پاش سێ دەقیقەی تر دەتەقێتەوە، و لەوکاتە دیاری کراوەشدا تەقییەوە، ئەو زانینەی تۆ بووەتە هۆی تەقینەوەکەی!! بێگومان تۆیش لەگەڵمایت کە هیچ عاقڵێک شتی وا ناڵێت.

نموونەی بەرز هەربۆ خوایە، ئەم نموونانە بۆ نزیک کردنەوەی مەسەلەکەیە لەزەین و هۆشی مرۆڤ دەنا جیاوازی لەنێوان زانیاری خواو زانیاری مامۆستاکەدا، یا زانیاری خواو زانیاری پسپۆڕەکەدا زۆر زۆرە.

# # #

## ویستی خوا و ئادەمیزاد:

جێی خۆیەتی  نمونەیەک بێنینەوە تا لەم ویستی خواو ئادەمیزادە بە ئاسانی حاڵی ببین، ئەڵبەت نموونەی بەرز هەر بۆ خوایە، و ئەم نموونانە بۆ نزیک کردنەوەی واتاکەیە لە ژیری و هۆش.

وا دابنێین سامان دوو شاگردی هەیە، دەیەوێ تاقییان بکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانێ تا چ ئەندازێک ئەمانە  دەست پاک یا خیانەتکارن؟ هەر یەکەیان - بە جیاواز و بەبێئاگا لەوی تر- سیی دۆلاری ئەداتێ و ئەڵێت: پرۆ تەنەکەیەک رۆنی پێنچ کیلۆیی و دە کیلۆ برنج و کیلۆ یەک چایی و پێنچ کیلۆ شەکر و دوو تایت بکرە.. لەهەرشوێنێک ئەیکڕی و بەهەرشێوەیەک ئەیکڕی خۆت ئازادی، کە هاتیتەوە حسابەکەم بۆ بکە بزانم بایی چەند بووە؟

شاگردەکان دەچنە بازاڕەوە، بێ ئەوەی بەیەکتر بزانن هەر یەکەیان ئەو شتانەی پێی گوتراوە ئەیکڕێ و دێتەوە، پاشان حساب لەگەڵ خاوەن دوکاندا ئەکات. یەکەمیان ئەڵێت: وەستا! شتەکان بایی هەژدە دۆلاربوون، ئەوە دوانزە دۆلارەکەی تری. وەستایش دەڵێت:

دەستت خۆش و بەخێر بێیتەوە. ئەوی تریش دێتەوە ئەڵێت: وەستا! شتەکان بایی بیست وچوار دۆلاربوون، ئەوە شەش دینارەکەی تری.. ئەویش دەڵێیت: دەستت خۆش و بەخێر بێیتەوە.
ئەم دوو شاگردە بەویستی سامان رۆیشتن بۆ بازاڕ، و بەویستی ئەویش، شتیان کڕی، چونکە ئەو ئازادی تەواوی پێ دابوون و ئەوانیش بەویستی خۆیان کارێکیان کرد کە پێیان خۆش بوو، شتەکانی هەردووکیان بەقەد یەک بوو، بەڵام دەرکەوت یەکەم دڵسۆزەو دووەمیش لار و ناتەواو.. هەرچەند هەردوویان بەپێی ویستی سامان ئەو کارەیان ئەنجام داوە بەڵام ئەو بەیەکەمیان رازییەو بە دووەمیشیان ناڕازی!! ئەڵبەت جیاوازییەکی زۆر گەورە لەنێوان ئاگاداری خواو خاوەن دوکانەکەدا هەیە، بەڵام هەروەک گوتمان: ئەمە نموونەیەکە بۆ نزیک کردنەوەی ئەو واتایە: (شتێکی ویستووە و پێیشی ناڕازییە) لە زەینی ئادەمیزادەوە..
ئێستا لەو قسەیە حاڵی بوویت کە دەڵێ: گوناە بەویستی خوا ئەنجام دەدرێ بەڵام پێی رازی نییە، وە چاکەیش بەویستی خوا ئەنجام دەدرێ و پێی رازییە..
وابزانم بەتەواوی روون بووەوە کە خوا توانای هەڵبژاردنی بەئێمە داوەو بەتەواوی مەعنا ئیختیارمان لەکاری خێرو شەردا هەیە. ئەڵبەت ئەوکارانەی پاداشت یا سزایان لەسەرە..

# # #

## جوزئە ئیختیار:

جێی خۆیەتی ئەوەش روون بکەینەوە کە یەعنی چی ئیختیاری ئادەمیزاد بەشێکە لە ئیختیاری خودا، وە هەڵبژاردنی ئێمە لەناو بازنەی هەڵبژاردنی خوا دایە..
خوای تەعالا بەرنامەی بۆ ئەم بوونەوەرە داڕشتووە، کەئەمەش پێی دەگوترێ: قەدەر، هەڵس و کەوت و کار و کردەوەی ئێمەش بەشێکە لەو بەرنامەیە.. لێرەدا پرسیارێ خۆی دێنێتە پێش و دەڵێ: ئەگەر کار و کردەوەی ئێمە هەمووی دیاری کراو و ئەندازە گیراو بێ، ئیتر چ ئیختیار و ئازادیەکمان هەیە؟ !
لەوەڵامدا ئەڵێین: بازنەی ویست وئیختیاری ئێمە لەبەرامبەر بازنەی ویست و ئیختیاری خواوە، وەک ئەوە وایە لەهۆڵێکی گەورە و فراواندا قەفەزێکی{1م بە 2م }ت دانابێ، و لەناو قەفەزەکەدا دوو جووت کۆترت تێکردبێ، و دان و ئاوت بۆ دانابێ.. ئەمانە لەناو قەفەزەکەی

خۆیانا ئازادن و ئیختیاری تەواویان هەیە، دەتوانن ئاو بخۆنەوە یا دان بخۆن، شەڕ بکەن یا پیتێن بکەن و جووت ببن، لەناو قەفەزەکەدا ئیختیاری تەواویان هەیە، بەڵام ئەگەر لەم گۆشەی هۆڵەکەوە گوێزرانەوە بۆ ئەو گۆشەکەی تر هیچ ویست و ئیختیارێکیان نییە..

ئێستا ئەو قسەیەت بەباشی بۆ روون بووەوە کە دەڵێت: ئێمەی ئادەمیزاد جوزئە ئیختیارێکمان هەیە، و بەشێکی کەم توانای هەڵبژاردنمان پێدراوە.. ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئێمە لەزۆر شتا هەڵبژاردنمان نییە، وەک ئەوە لەچ بنەماڵەیەک و لەکوێ لەدایک دەبین؟ لە چ ناوچەیەک پێ دەنێینە دنیاوە؟ بەچ جۆرێ زمانمان دەپژێ و لەچ میللەتێک دەبین؟ هەروها جوانی وناشیرینی ، دەوڵەمەندی و هەژاری، لەکوێ دەمرین ومالْئاوایی لەژیانی دنیا دەکەین؟ مرۆڤ لەم بابەتانەدا هیچ جۆرە ئیختیارێکی نییە، لەهەمان کاتدا لەبارەشیانەوە بەرپرس نایێت و هرگیز خوا موحاسەبەی ناکات بۆ بەفلانە زمان قسەی کردووە؟ یا بۆ کورت بووە و درێژنەبووە؟! بەهیچ جۆرێ ئەوەی دەسەڵات و توانای مرۆڤی تیا نەبێ بەر پرس نابێ تیایا..

ئەوەمان لەیاد نەچێ ئێمە نازانین خوا چی تەقدیر کردووە، تا فلان کار بکەین وفلان کاریان نەکەین، بەڵام دەزانین چاکە کامەیەو خراپە کامەیە و خوا هەردوکیانی بۆ روونکردووینەتەوە، ئەگەر ئێمە چاکەمان کرد ئەوا دەزانین خوا چاکەی بۆ تەقدیر کردووین، ئەگەر تۆوی گوڵ بچێنین تەقدیری خوا گوڵمان بۆ دەڕوێنێ، ئەوەی خەشخاش بچێنێ حەتمەن خەشخاشی بۆ سەوز دەبێ. کەوابوو با بەدەستی خۆمان ئاگر بۆ خۆمان ساز نەکەین خوا دەفەرموێ: ( إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا )( سورة الدهر/ 3. ) ئێمە رێمان بە ئادەمیزاد نیشان داوە- ئەویش- یا سوپاسگوزار و گوێرایەڵ دەبێ، یا نمەک نەناس و بێگوێ.

وە هەروەها خوا گەورەترین سوێند دەخوات و دەفەرموێ: " وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا، وَالْقَمَرِ إِذَا تَلاهَا، وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا، وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا، وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا، وَالأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا، وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا، فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا، قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا، وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا" (سورة الشمس/1-10. )بە خۆر و رووناکیەکەی، بەمانگ کەدێت بەشوێنیا، و بە رۆژ کاتێ ئەی درەوشێنێتەوە، و شەو کەدای دەپۆشێ، بەئاسمان وئەوەی دروستی کردووە، بەزەوی و ئەوەی رانخستووە، و بەدەروون ودروستکەرەکەی کە خێرو شەڕی پێ ناساندووە، ئەوەی دەروونی خۆی پاک بکاتەوە رزگارو براوەیە، و ئەوەش کە دەروونی بە گوناە تێک بدات زیان لێکەوتو و دۆڕاوە..

ئەوەش وەبیر خۆمان بێنینەوە کە خوای تەعالا بەچاکەی ئێمە هیچ سوودێکی پێناگات و بەگوناهیشمان هیچ زیانێکی لێ ناکەوێ، ئەوەتەئێمەی ئادەمیزادی سەر پشک کردووە و

دەفەرموێ: " فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ " ( سورة الكهف/ 29. ) ئەوەی مەیلی لێیە با ئیمان بێنێ، و ئەوەش مەیلی لێیە با کافربێ.. بەڵام خوا پێی خۆشە خەڵکی ئیمان بێنن تا بەئاگری بەسوێی دۆزەخ نەسووتێن ..

داواکارم خوا دڵ و دەروونمان بە نووری ئیمان رووناک بکاتەوە و بمان کات بەوانەی شوێنکەوتەی حەق و عاشقی حەقن، ئەوەش هەوڵ بۆ دۆزینەوەی حەق بدات حەتمەن پێی دەگات، چونکە خوا بەڵێنی داوە رێیان بۆ روون بکاتەوە، ئەوەتە دەفەرموێ: ( وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ )( سورة العنكبوت/ 69. ) و بێگومان خوا لەگەڵ جوانکاراندایە.. کێ لەوە جوانکارترە کە حەق ویست و حەقگۆ و دۆستی حەق ویستان بێت؟

# # #